


# پاراستنی شوێنەکانی ناشتنی نایاسایی



## کۆمسیونی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەروشوێن (ICMP) پاڵپشتی هەوڵەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق دەکات بۆ دۆزینەوە و پاراستن و هەڵکەندنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و شوێنەکانی تر کە رووفاتی کەسانی بێسەروشوێنیان تێدایە.

ICMP رێکخراوێکی نێوحکومی نێودەوڵەتییە و لە سەر بنەمای پەیماننامە دامەزراوە کە ئامانجی بریتییە لە فەراهەمکردنی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەتەکان و لایەنەکانی تر بە مەبەستی هاوکاریکردنیان لە دەستنیشانکردنی شوێنی ئەو کەسانەی کە بە هۆی شەڕ و ناکۆکی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کارەسات و تاوانی رێکخراو و کۆچ و هۆکارەکانی ترەوە بێسەرو شوێن بوون. هەروەها ICMP یارمەتی کاری رێکخراوەکانی تر دەدات لە هەوڵ و تێکۆشانیان و هانی بەشدارییپێکردنی خەڵکی دەدات لە چالاکییەکانیدا، هەروەها بەشداری دەکات لە بەرەوپێشبردنی دەربڕینی گونجاو بۆ یادکردنەوە و رێزلێنان لە کەسانی بێسەروشوێن.

## ئەگەر رووبەڕووی شوێنێکی لەم چەشنە بوویتەوە، تکایە دەستبەجێ پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندیدارەوە بکە.

لە عێراقی فیدراڵ تکایە پەیوەندی بکە بە:

- **وەزارەتی ناوخۆ- بنکەکانی پۆلیس:** نزیکترین بنکەی پۆلیس لە ناوچەکەت ئاگادار بکەرەوە؛
- **بەڕێوەبەرایەتی کاروبار و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان (لە بەغدا)-سەر بە دەزگای شەهیدان:** 07505715725؛
- **بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەزگای شەهیدان لە هەموو پارێزگاکان دا بەدەر لە هەرێمی کوردستانی عێراق:** نزیکترین نووسینگە ئاگادار بکەرەوە.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تکایە پەیوەندی بکە به:

- **وەزارەتی ناوخۆ- بنکەکانی پۆلیس:** نزیکترین بنکەی پۆلیس لە ناوچەکەت ئاگادار بکەرەوە؛
- **بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان (هەولێر) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:** 07504720699، 07503769575؛
- **بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.**

**ئەم نامیلکەیە لە لایەن ICMP ەوە ئامادەکراوە و لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هۆڵەنداوە پاڵپشتی دارایی بۆ تەرخانکراوە.**

icmp
International Commission on Missing Persons

ICMP Headquarters • Koninginnegracht 12 • 2514 AA The Hague • The Netherlands • T +31 708506700
icmp@icmp.int • www.icmp.int @TheICMP /TheICMP

MassGraveA4TrifoldBW-Kurdish-Sorani.indd 1
31/10/2021 1:15 PM

# پێویستە چی بکەیت ئەگەر گۆڕێکی بە کۆمەڵی گومانلێکراوت دۆزییەوە؟




**تکایە هیچ وێنەیەک یاخود زانیارییەک سەبارەت بە شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا بڵاو مەکەرەوە، چونکە ئەمە دەشێت ببێتە هۆی دروستبوونی ئەو کردارانەی کە زیان بە لێکۆڵینەوەکان بگەیەنێت.**

گۆڕە بەکۆمەڵەکان و شوێنەکانی تر کە رووفاتی کەسانی بێسە روشوێنیان لێ شاردراونەتەوە بە شوێنی رووداوی تاوان هەژمار دەکرێن و دەوڵەتیش بەرپرسە لە لێکۆڵینەوەیان. ئەو ناوچانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت شوێنی ناشتنی نایاسایی بن، پێویستە پارێزگارییان لێ بکرێت بۆ ئەوەی ئەو بەڵگانەی کە لە وێدا هەن بە ساغی بمێننەوە و لە رێکاری تاوان و میکانیزمەکانی تری دادوەری دا بەکاربهێنرێن.

هەر هەڵکەندنێک و لابردنی مادده و کردەوەی تری نادروست کرداری نایاساییں و کاری لێکۆڵینەوە و هەوڵی ناساندنی قوربانیانی ناو گۆڕەکە و دەستنیشانکردنی ئەوەی کە چییان بەسەردا هاتووە قورستر دەکات. هەروەها ئەم جۆرە کارانە لەوانەیە مەترسیدار بن چونکە دەشێت چەک و تەقەمەنی نەتەقیو لەم شوێنانەدا هەبن.



ئەو کاتەی کە لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بە شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ئاگادار کرانەوە، پێویستە دەستبەجێ خۆیان پارێزگاری لە شوێنەکە بکەن. دانانی پەرژین و بەرگ و پاسەوان دەشێت یارمەتیدەر بن لە دڵنیابوونەوە لەوەی کە نە مرۆڤ و نە گیانەوەر یاخود ئاووهەوا ئەم بەڵگانە لە ناو نەبەن. ئەو پسپۆڕانەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیاننێرن، لێکۆڵینەوە بۆ شوێنەکە ئەنجام دەدەن و زانیارییەکان تۆمار دەکەن بۆ ئەوەی بەڵگەکان لە رێوشوێن و میکانزیمەکانی دادپەروەری دا بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستی هێنانی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا.